# سەرۆکەکەمان ناناسم !

هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند

دەستنیشانکردنی سەرۆکی باشوری کوردستان ، یەکێک بوو لە جوانترین و دڵوەخورپەهێنەرترین بوویەر ، کە لە چەند ساڵی رابردوودا بینیم و بیستم .
ئەو رووداوە بۆیە جوان بوو ، چونکە پیشانی دنیایدا، کە سەردەمی ناوریاییی کورد بەسەرچوو و چیدی قازانجویستیی خۆویستانەی گروپێکی دیاریکراو ، ناتوانێت بەرژەوەندیی هەموو میللەت بە قوربانی خۆی بکات .
بۆیەش دڵوەخورپەهێنەر بوو ، چونکە تێگەیشتم ، چیدی نەوەی تازە ، کە دەگەڵ بێگانەیەکدا کەوتنە قسە ، ناچارنابن بۆ وەڵامی پرسیاری : سەرۆکەکەتان کێیە و وڵاتەکەتان لە کوێیە ؟ ، خۆیان بدزنەوە.

* * *

ئەوکاتەی لە کامپێکی پەنابەراندا بووم ، لە خولێکی کورتی ناسینی زمانی هۆڵەندیدا بەشداریم کرد ، لەوێ مامۆستا فێریدەکردین، کە چۆن هۆڵەندییەک حاڵی بکەین خەڵکی کوێین؟ ،
هاوزمانێکم ، کە کۆمۆنیستێکی دەمارگیربوو و ئێستا نووسەریشە ، لێیپرسیم : دەڵێی خەڵکی کوێم ؟ ، بە خەندەوە گوتم : کوردستان ، لێ ئەو بە تووڕەیییەوە جوابیدامەوە : ئەوان چوزانن کوردستان کوێیە؟! ، بێژە ئێراق و بڕایەوە! .
بەڵام کە مامۆستا نێوی ( کوردستان ) ی بیست ، ئەتڵەسی سەرمێزەکەی هەڵگرت و نیشانیداین ، کە ئەو ناوچەیەی بە رەنگی قاوەیی، لەسەر نەخشەکە و لە نێوان چواردەوڵەتدا زەقکراوەتەوە ، وڵاتێکە ناوی ( کوردستان ) ە و هێشتا سەرخۆبوونی وەرنەگرتووە .

* * *

دووەمین شت کە مامۆستا ویستی فێرمان بکات ، چۆنیەتیی زانیاری بەخشین بوو بە هۆڵەندییان دەربارەی وڵاتەکانمان ، دەبوایە بێژین : ئاڵاکەمان چۆنە؟ ، سەرۆکەکەمان کێیە؟ ، بە چی بەناوبانگین و بە کام زمانیش دەئاخڤین ؟ .
قوتابییەکانی دی ، بە کۆمۆنیستی هاوزمانی ئێراقیشمەوە ، بێ کێشە هەموو شتەکانیان گوت ، بەڵام من کە گوتم : (سەرۆکەکەمان ناناسم، چونکە ئێمە ، زۆرتر لە سەرۆکێکمان هەیە ! ) ، هەموویان تاسان .

* * *

کە هەفتەی رابردوو ، زانیم بەشێکی وڵاتی منیش ، خاوەنی سەرۆکێکە ، خۆزگەمدەخواست ، جارێکی دیکە ، بگەڕێمەوە بۆ ئەو رۆژەی سەرۆکەکەم نەدەناسی و پێیان بێژم : ئەزیش وەک

هەر جیهانییەکی دی ، سەرۆکێکم هەس ! ، حەزمدەکرد لێمبپرسن : بۆ وا شادی؟ ، تا پێیان بڵێم : لەبەر ئەوەی پاش سی ساڵ ، سەرەڕای هەموو کێماسییەک ، ئومێدێکم پەیدا بۆتەوە بۆ ئازادی .

* * *

هاوڕێیەکم دەپرسێ : ئەو رۆژانە ، شتێک هەیە دڵت لێی بترسێ ؟ ، یەژم : ئەرێ ، ئەوەی دڵم زۆر لێیدەترسێ ، ئەوەیە کە پاش نێزیکی چواردەساڵ لە ئەزمونی تاڵ و بەسوێ ، میللەتی من هەر بێدەنگ بێ و لە کێماسییەکانی دەسەلاتی نوێش نەپرسێ ! ، دەپرسێتەوە : جا میللەت چیی لەدەستدێ ؟ ، دەڵێم : پێیدەکرێ دە سەرۆک و دەسەلاتی نوێوە ڕامێنێ و کە هەڵەی دیتن( ئاگری ناڕازیبوون هەلایسێ ) .

* * *

ئەگەر بە گەڕانەوە بۆ باوەشی ئێراق ، سەرکردایەتیی کورد تووشی هەڵەی نەبەخشراو بووبێ . ئەگەر بە دڵسۆزییەوە هەوڵدانی ئەو سەرکردایەتییە ، بۆ سەرلەنوێ بنیادنانەوەی وڵاتێک، کە سەد پینە و پەڕۆش نایکاتەوە یەکپارچە، وەک گوناهی گەورە سەیر بکرێ . ئەگەریش شەڕی براکوژی پەڵەیەکی نەنگی بێ و بە نێوچەوانی ئەو سەرکردایەتییەوە نووسابێ . ئەوا یەکدەنگی و هاوڕێزیی ئێستایان ، دەستپێکی شانازینامەیەکە ، کە هەموو کورد دڵی پێی خۆشە ، بۆیەش چاویان لێیە ، تۆماری شانازینامەکەیان، بە هەڵوێستی کوردانە تەژی بێ .

www.hemnabdulla.blogspot.comn